



# مۆدەیەكی جوان

مۆدەیەكی زستانەی جوان و ناسك وەك هەر مۆدەیەكی تایبەت بۆ وەرزی زستانی ئەمساڵ كە ئێستا لە زۆربەی وڵاتان بۆتە مۆدەی سەردەم و شێوەیەكی ناسكی هەیە بەتایبەت بۆ خانمان و هەروەها بۆ ئەوانەی حەز بە جلی ڕەنگاوڕەنگ دەكەن.. مۆدەكە بریتییە لە جلی تەسك و هەروەها زۆربەی لە قوماشی (سووف)ە، چونكە ماددەی سووف جۆرە قوماشێكی گەرمە بۆ پاراستن لە ساردی زستان. مۆدەكە لە چەندین جۆر جلوبەرگ پێكدێت كە ئەوانەن : (تەنوورە – جینز – كراس – پانتۆڵ – چاكەت – قاپووت). ئەوەی لەم مۆدەیە

# ڕێگەیەك بۆ پاراستنی قژی خانمان لە هەڵوەران



هەڵوەرانی قژ یەكێكە لەم گرفتانەی تووشی خانمان دەبێت و ئەمەش دەبێتە هۆی نیگەرانی و لەدەست دانی جوانی قژ، بەڵكو دواتر هەڵوەرانەكە زیاتر دەبێت! بۆیە دەتوانیت لەم ڕێگەیەوە قژت بپارێزیت لە هەڵوەران و هەروەها بۆ ئەوەی قژت لە گرفتەكانی هەڵوەرین و كەوتن دوور بێت..

لێرەدا چەند ڕێگەیەك هەیە بۆ ئەوەی پارێزی لە قژت بكەیت كە ئەمانەن :

- ڕێگەی یەكەم، ڕۆنی جوزی هیندی بهێنە و سەرەتا دەست لە قژت بدە تاوەكو تەواو خاوی دەكەیتەوە، پاشان ڕۆنە جوزەكە لە ڕەگی مووەكان بدە و واتە ڕۆنەكە بگاتە سەر پێستی سەر، ئەمەش چونكە ڕۆنی جوز چارەسەر بۆ ئەوەی ڕێگەگر بێت لە وشك بوونی مووی قژ.
- ڕێگەی دووەم، قژت خاو بكەرەوە، هەوڵبدە خاوكردنەوەی قژت لە ڕێگەی دەستەوە بێت، چونكە شانە هۆكارێكە بۆ قژ هەڵوەران. هەندێك هەنگوین بهێنە و لەگەڵ زەردێنەی هێلكەی تێكەڵ بكە، پاشان لە ڕەگی مووەكان بدە، بەتایبەت پێشەوەی سەر..



- ڕێگەی سێیەم، سركەی سێو بهێنە و كاتێك قژت شانە دەكەیت لەگەڵ شانە كردنەكە بەكاری بهێنە، چونكە سركەی سێو كاردەكات بۆ ئەوەی گەشەی مووی قژ زیاتر بكات..
- ڕێگەی چوارەم، ڕۆنی زەیتوون بهێنە و لەگەڵ هەنگوین تێكەڵی بكە، دواتر لە قژت بدە و بۆ ماوەی (١٥) خولەك بهێڵەوە و ئەمەش بۆ ئەوەی مووەكانی قژت سوود لە ماددەكانی ڕۆنەكە وەربگرێت. دواتر قژت بشۆ!





# بۆ سەرمای زستان

جوان بێت، لە رەنگی جلەكانە چونكە لە چەند رەنگێكی تۆخەوە مۆدەی درووستكراوە. رەنگەكانی بریتین لەم رەنگانە كە بە رەنگی زستانە دەناسرێن : (قاوەیی، شین، رەش، جەرگی، سەوز)!... جگە لەوەی ئەم دەستە جلە لەگەڵ یەكتر دەگونجێت، هەروەها لەگەڵ پێڵاوی (پووت) دەپۆشرێت چونكە پووت وەك هەر پێداویستییەكی زستان شێوەیەكی جوانی هەیە بۆ گونجاندنی لەگەڵ ئەم شێوە جلە. هەروەها رەنگی پووتەكانیش لە دوو رەنگەوە پێكهاتووە لەوانە رەنگی (رەش و قاوەیی). لەگەڵ ئەم مۆدەیە كڵاو(كاسكێت) لەسەر دەكرێت ئەمەش بۆ جوانی و سەرمای سەر.

# (میساج) گرنگترین رێگە بۆ جوانی رووخسارت


بۆ ئەوەی دەم و چاوت هەردەم لە جوانییەوە نزیك بێت، هەروەها شێوەیەكی ناسكی پێوە دیار بێت، هەوڵبدە بەخۆتەوە یان بە كەسێكی دیكەوە كاری شێلان (میساج) بۆ ئەنجامبدرێت! چونكە گەورەترین سوودی هەیە بۆ پێستی دەم و چاو، بەتایبەت ژێر چاو و هەروەها خانەكانی پێست دەكاتەوە كاتێك بەهۆی پیسی یان نەخۆشییەوە دادەخرێت.

میساجكردن بۆ دەوروپشتی چاوەكانت تاكە چارسەرە بۆ ئەوەی چاوەكانت لە ماندوو بوون دوور بكاتەوە چونكە چاو بە بەردەوامی لە جووڵەكردنە، لەگەڵ ئەوەی چارەسەرێكە بۆ لابردنی خاڵە رەشەكانی سەر پێست. كاتێك میساج



دەكەیت ئاگاداری ئەم خاڵانە ببە:

- رۆژانە كاری شێلان بۆ دەم وچاوت بكە و بەتایبەت پێش ئەوەی بخەویت!
- دوای هەر شێلانێك پارچە قوماشێك بهێنە كە هەندێك تەڕ بێت بە ئاوی گەرم و لەسەر رووخسارت دابنێ بۆ ئەوەی زیاتر پێستت نەرم بكاتەوە.
- لەكاتی میساج كردن ئاگاداری پێستت ببە و هەروەها دەبێت شێلان بە شێوەیەكی نەرم بێت ئەمەش بۆ ئەوەی ئەزیەتی پێست نەدات.
- لەگەڵ كاری شێلان ئەگەر هەبێت نەرمكەرێكی كرێم بەكاربهێنە بۆ ئەوەی لەگەڵ شێلانەكە كار بكات لەسەر نەرمكردنی پێست.



# شاجوانی چین نازناوی شاجوانی جیهانی وەرگرت




پێشبڕکێ ساڵانەی شاجوانانی وەکو بڕیار بوو لە وڵاتی چین ئەنجامدرا بۆ ساڵی (٢٠٠٧)، دوای ئەوەی نزیکەی (١٠٦) شاجوان لە چەندین وڵاتی جیهانەوە بەشداریان کردبوو بۆ ئەوەی نازناوی ئەمساڵ بەدەست بهێنن. نازناوی ئەمساڵی شاجوانی جیهان بەخشرا بە شاجوانی وڵاتی (چین)، ئەوە مانای ئەوە نییە کەوا پێشبڕکییەکە لە (چین) ئەنجامدراوە بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ جوانی شاجوانەکە و کە شایستەی ئەوەیە ببێتە شاجوانی جیهان.

شاجوانی چین ناوی (زانگ زیلین)ە و تەمەنی (٢٢) ساڵە، خاوەن بەچنێکی مامناوەندی و چاوێکی ڕەش بوو، توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت لەسەر شاجوانەکانی دیکە، ئەوەی دەربارەی پێشبڕکێ ئەمساڵ بێت زۆربەی پسپۆڕەکان پێشبینی شاجوانی ئینگلترایان دەکرد بۆ ئەوەی نازناوەکە بەدەست بهێنێت، کەچی نەیتوانی هیچ پلەیەك وەربگرێت. شاجوانی دووەم بۆ شاجوانی وڵاتی ئەنگۆلا، هەروەها نازناوی شاجوانی سێیەم بەخشرا بە شاجوانی وڵاتی (مەكسیك).



# بچووکترین (کتری چای) بۆ خواردنە

کتری چای یەکێکە لەو پێداویستییانەی لە ماڵدا هەیە و وەك کەرستەیەك بۆ چای ئامادەکردن بەکاردێت، لەگەڵ ئەوەی شێوەکی جوانی هەیە لەلای ئەوانەی حەز بە چای خواردنەوە دەکەن. توانراوە لە وڵاتی چین بچووکترین کتری چای دروست بکرێت ئەمەش وەك هێمایەك بۆ چای و کۆمپانیاییەکی فرۆشتنی (چا) ئەم شێوە بچووکەی کتری چایان دروست کردووە..

بچووکی کترییەکە دەگاتە ئەوەی دەتوانرێت لەسەر پەنجەیەکی دەست دابنرێت، کێشی کترییەکە دەگاتە (٤،٤) گرام، وەك دەبینن شێوەیەکی جوان و ناسکی هەیە و ئەوانەی حەز بە چای بکەن لەوانەیە ئەم کتریە ببینن و بیخۆن، چونکە ئەم کتری دەخوورێت و وەك (شەکرۆکە)ی منداڵان وایە. ئەمەش وەك ڕێکلامێك بۆ کۆمپانیایەکی چای و هەروەها وەك کەرستەیەکی خواردن بۆ منداڵان و بۆ ئەو کەسانەش دەبێت کە گەورەن. ئەمەش یەکێکە لەو کەرستە سەیر و سەمەرانەی لەوانەیە ناوی بچێتە کتێبی ژمارەی پێوانەیی.






# (٤١) ملیار دۆلار تەنیا بۆ جلوبەرگی سەگ




باوەڕ بکەن ساڵانە بڕێکی پارەی خەیاڵی سەرف دەکرێت لە دروستکردنی جلوبەرگی سەگ! نەوەك جلوبەرگ بۆ مرۆڤ لە شێوەی سەگ، بەڵکو جلوبەرگی تایبەت بۆ سەگ، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لە ئەمریکا گرنگییەکی تایبەت بە سەگ دەدرێت لە ماڵ و شوێنە گشتییەکان لە وڵاتی ئەمریکا!

لە ئەمریکا جەژنێکی تایبەت هەیە پێدەڵێن (جەژنی هالۆین) کە تیایدا مرۆڤ و گیانداران جلی یەکتر دەپۆشن، وەك ئەوەی مرۆڤ جلی شێوەی سەگ بپۆشێت و سەگیش جلی مرۆڤی بۆ ئامادە بکرێت، کۆمپانیای چینیی (وۆل-مارت) لەساڵی (٢٠٠٧) ڕایگەیاند کەوا توانیویەتی گەورەترین قازانج بەدەست بهێنێت لە بواری دروستکردنی جلوبەرگی سەگ، کە کۆی سەرجەمی بەرهەمەکانی فرۆشراوی گەیشتە (٤١) ملیار دۆلار، ملیار نەوەك ملیۆن. ئەمەش بەهۆی ئەوەی نرخی جلوبەرگی سەگ نرخێکی گرانی هەیە و لەلایەن کەسایەتییە گەورەکان گوێ نادرێت بە نرخ گرانی جلوبەرگی سەگ، چونکە سەگیان خۆشدەوێت.



مۆدەیەکی جلوبەرگی سەگ کە پێدەڵێن (دریسی دراکۆلا)، کە شێوەیەکی سەیر و جوانی هەیە و نرخێکی خەیاڵی هەیە دەگاتە (١٠٠٠٠) دۆلار و ئەمەش لەلایەن ئەم کەسایەتیە دەوڵەمەندانە کڕاوە بۆ ئەوەی سەگەکانیان بەم جلە سەیرانە بپۆشن!

# (کەنیسە) دەتوانێت گەشت بکات!




دەتوانن باوەڕ بکەن ڕۆژێك دێت دەتوانن خانووەکانتان لە شوێنێك بگوازنەوە بۆ شوێنێکی دیکە، بەهۆی بەستانی ئامێری گواستنەوە (تایە) لەژێر خانووەکانتان، بۆیە وادەڵێم چونکە ئەم (کەنیسە)یە دروست کراوە دەتوانرێت بگوازرێتەوە! ئەم کەنیسەیە ناوی (ئیماوس)ە لە ئەڵمانیا هەیە و دەکرێت بگوازرێتەوە لە شوێنێك بۆ شوێنێکی دیکە. ئەمەو شوێنی سەرەکی ئەم کەنیسەیە لە گوندی (هویردورفر)ە و ئێستا لە گەشتێکە بۆ ماوەی (١٢) کیلۆمەتر بەرێکەوتووە.

ئەمەش وەك هەنگاوێکی تازە بۆ ئەوەی گشت خەڵکێك لە گوندەکانی ئەڵمانیا لە کەنیسە بێبەش نەبن، چونکە لە گشت شوێنێك کەنیسە نییە، کەنیسەکە گەیشتۆتە دانیشتگەی (لایبزگ) کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا و بەرەو (گوندی بۆرنا) دەچێت. وەك دەبینن چۆن ئەم کەنیسە گەورەیە لەسەر (تایە) دەڕوات و دەگوازرێتەوە. هۆکاری سەرەکی گواستنەوەی ئەم کەنیسەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو گوندەی کەنیسەکەی لێبووە، تێکدەدرێت و دەکرێت بە کۆمپانیایەکی دەرهێنانی (فەحم) ئەم بیرۆکەیەش لەم کاتە دروست بوو بۆ ئەوەی کەنیسە بگوازرێتەوە لە شوێنێك بۆ شوێنێکی دیکە.



# یاری (شەڕە ئەسپ) بۆ خۆشی خەڵك!







بۆ خۆشی خەڵك و نوێكردنەوەی یارییەكی سەیر تاوەكو خەڵك خۆشی لێوەربگرن، لە وڵاتی چین جگە لەوەی گۆشتی سەگ و ئەسپ دەخۆن، ئەو ئەسپەی كە بیانەوێت پێش ئەوەی سەری ببڕن یارییەكی سەیری پێوە دەكەن كە ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی جیهان قەدەغە كراوە، ئەویش یاری (شەڕە ئەسپ)..

لەم یارییەدا دوو ئەسپ دەهێنن و بەرەو ڕووی یەكتریان دەكەنەوە بۆ ئەوەی شەڕ بكەن، هێزی ئەسپ گەورەیە و لەكاتی شەڕدا هێزەكەی گەورەتر دەبێت، بۆیە لە كاتی شەڕە ئەسپەكە دەبێتە شەڕێكی بەهێز نێوان دوو ئەسپ و بەم هۆیەش خەڵك خۆشی لەم شەڕە ئەسپە وەردەگرن، وەكو ئەوەی لای خۆمان شەڕە كەڵەباب هەیە. ئەم یارییە لەبەردەم كۆمەڵە خەڵكێك ئەنجامدەدرێت و بڕێكی كەمی پارە لە خەڵكەكە وەردەگرێت بەرامبەر ئەوەی سەیری شەڕەكە دەكەن. دوای شەڕەكە یەك لە ئەسپەكان دەدۆڕێت ئەوكاتە دەكرێت بە خواردن و سوود لە گۆشتەكەی وەردەگرن. ئەم شەڕە بەردەوام دەبێت تاوەكو یەكێك لە ئەسپەكان دەمرێت یان هێزی شەڕی نامێنێت.

# (كوڕی لاستیكی) جەستەیەكی نەرم و سەیر!



لە ژیانتان كەستان بینیوە جەستەی وەك نایلۆن و لاستیك بێت؟! دەتوانن لێرەوە بیبینن و كە ئەم كوڕە گەنجەیە و جەستەی لە گۆشت و خوێنە وەك هەر مرۆڤێك، بەڵام وەك لاستیك دەجووڵێت و دەچەمێتەوە.

دەتوانێت دەستەكانی لە پشتەوەی لەیەكتر ببەستێتەوە و دواتر لە خوارەوەش پەنجەی قاچەكانی بگرێت، جەستەی نەرمە و دەتوانێت چەندین جووڵەی سەیری پێوە ئەنجام بدات.

ئەم گەنجە ناوی (ئەلیكس)ە و خەڵكی ئەمریكایە و تەمەنی (٢٣) ساڵە، خاوەن جەستەیەكی نەرمە و چەندین نمایشی تایبەتی ئەنجامداوە و بەڵكو لە چەندین بەرنامەی جیهانی بەشداری كردووە وەك بەرنامەی (ئۆپێرا). ئەوەی سەیر بێت لە جەستەی ئەم گەنجە ئێسقانی جەستەیەتی، چونكە ئێسقانەكانی نەرمە و دەتوانێت بیچەمێنێتەوە. بۆیە نازناوێكی وەرگرتووە كە پێدەڵێن ( كوڕی لاستیكی ). چەندین داواكاری بۆ ئەم كوڕە لاستیكیە پێشكەش كراوە بۆ ئەوەی بەشداری بكات لە نمایشی تایبەت و سێرك.


# بووک و زاوایەکی سەیر!





لــەلای خۆمانەوە خانمان و بووکەکان حەز دەکەن لە ڕۆژی بووکینی بە ئوتۆمبێلێکی جوانەوە بن، بەڵام لە وڵاتی کەنەدا بووك و زاوایەك بە پێچەوانەی ئەم قسەیەی لای خۆمان ڕۆژی ئاهەنگ و بووکێنیان کردە گەڕانێکی ناو شار بە (ماتۆرسکێل). ئەمەش لەسەر داواکاری هەردووکیانەوە بوو، لەگەڵ ئەوەی بە دڵێکی خۆشـــەوە ئەم ڕۆژەیان بردە ســـەر. پیاوەکـــە واتە زاوا ناوی ( جێمـــس)ە و بووکەش ناوی (ئەلین)ە، ئەوەی سەیر بێت ئەم بووك و زاوایە هیوایان دەخواست لەم ڕۆژەیان کەش وهەوا خۆش بێت بۆ ئەوەی لەسەر ماتۆڕەوە سەرمایان نەبێت. ئەوەبوو بۆ بەختیان ئەم ڕۆژە هەندێك سارد بوو.

وەکـــو دەبینـــن بووکەکە جەســـتەی هەندێك دەرکەوتـــووە و کاتێك گەڕانەکەیان تەواو دەکەن، بووکەکە ســـەرمای دەبێت نەخۆشـــیەکی ســـووك دەگرێت، بەڵام جلی زاوا گەرمە و سەلامەت دەبێت، ئەوەی ســـەیر بێت دەگەیشـــتنە هەر شوێنێك لە شـــارەکە بە پێشوازییەکی ســـەیرەوە پێشـــوازیان لێدەکرا و هەرچی داوایان بکردایە بە خۆڕایی پێشکەشـــیان دەکرا. ئەمەش یەکەم حاڵەتی بووك و زاوایە لەجیهاندا بەم شێوەیە بەڕێوە بچێت.





# جەنتا لە فلۆپی دیسک دروووست دەکرێت

دوای ئەوەی ســـەردەمی (فلۆپی دیسك) بەســـەر چوو، چونکە ماوەیـــەك بەکاردەهێنرا لە بواری هەڵگرتنـــی زانیاری کۆمپیوتەر لەسەر ئەم کەرســـتە بچووکە، بەڵام ئەم تەکنۆلۆژیایە سەرکەوتنی بەدەســـت نەهێنا و بۆیە داهێنانێکی دیکەی کەوتە ژێر دەســـتەوە ئەویش (فلاش و ســـیدی)یە، بۆیە ئێستا توانراوە سوودێکی دیکە لە فلۆپی دیســـك ببینرێت بۆ ئەوەی کەرســـتەیەکی لێوە درووست بکرێت..

لە وڵاتـــی ئیرلەندا، گەنجێك توانـــی ژمارەیەکی زۆر لە فلۆپی دیســـك کۆبکاتەوە و بەهۆی ئەم فلۆپیانە دەتوانێت (جەنتا)ی لێوە درووســـت بکات، ئەمەش بەهۆی بەیەکتر بەســـتنەوەی فلۆپیەکان بەرێگەی چەند هەنگاوێکی کاری دەســـتی، ئـــەم کوڕە گەنجە ناوی (میکان)ە و تەمەنی (٢٤) ساڵە، ئەمەش وەك کارێکی تازە لەبواری تەکنۆلۆژیا بۆ ئەوەی سوود لەم کەرستانە وەربگیریت کە بۆ کارکردن دەست نادات. وەکو دەبینن جەنتایەکی لێوە درووست کردووە و چونکە ئەو ماددەیەی فلۆپی لێوە درووســـت دەکرێت، بە ئاسانی ناشکێت و دەکرێت بۆ درووست کردنی کەرستە بەکاربهێنرێت!









# پڵنگ بەچكە بەراز بەخێو دەكات

پڵنگ وەك هەر گیاندارێكی ترسناك و بەهێز لەگەڵ گشت گیاندارێكی دیكە بەهێزەوە دژایەتی دەكات، لەگەڵ ئەوەی بێ هەست و سۆزە بەرامبەر گیانداری دیكە. بەڵام ئەم پڵنگە مێیە بە پێچەوانەی هەر پڵنگێكی دیكەیە و چونكە خاوەن سۆزێكی گەورەی دایكایەتییە. كاتێك ئەم پڵنگە دوو بەچكەی دەبێت و دەمرن.. دوای مردنی بەچكەكانی، ئەم پڵنگە ناوەستێت و بەڵكو وەك ئەوەی شێت بووبێت، ئەمەش لە باخچەیەكی وڵاتی تایلاندەوە دەبێت، بۆیە لەلایەن چەند پسپۆڕێكی گیاندارانەوە (٤) بەچكە بەراز دەهێنن و بەرگێكی پڵنگیان لەبەر دەكرێن و لەلای پڵنگەكەی دادەنێن، بەم شێوەیە پڵنگەكە وادەزانێت بەچكەكانی خۆیەتی، یان هەستی دایكایەتی جووڵاوەتەوە كە ئەم بەچكە بەرازانە بەخێو بكات و شیریان پێبدات. ئەوەی سەیر بێت ئەوەیە كە داهاتووی ئەم بەچكە بەرازانە چی دەبێت، كاتێك بە شیر و پەروەردەی پڵنگ گەورە ببن. ئەمەش هەنگاوێكی دژ بە سرووشتی گیاندارانە و بە كارێكی ناشایستە دادەنرێت.



# دوو هاوسەری قەڵەو جیابوونەوە !

پیاوێكی وڵاتی (چیك) كە ناوی (یوری یاندا)یە، بە هیوای ئەوەی مۆڵەتی جێنشین وەربگرێت لە وڵاتی ئەمریكا ئەمەش لە ڕێگەی خواستنی ئافرەتێكی ئەمەریكی بۆ ئەوەی دوای هاوسەریان (ئیقامە) وەربگرێت و پاشان ئافرەتەكە جێبهێڵێت. پیاوەكە دەتوانێت ئافرەتێك بدۆزێتەوە لەڕێگەی كەسێكی ناسیاوی، ئەویش ناوی (ئەنتوانێت ولترس)ـە، بەڵام ئافرەتەكە قەڵەو دەبێت بەدڵی پیاوەكە نابێت. دوای ئەوەی دەبن بەهاوسەر و هاوسەریەتی خۆیان ڕادەگەیەنن، پیاوەكە بەهیچ شێوەیەك لەم ئافرەتە نزیك نابێتەوە لەماوەی (٢) مانگی یەكەمی هاوسەریەتیان، ئەمەش بەبیانووی ئەوەی ئافرەتەكە قەڵەوە و دڵی بۆی ناچێت. بۆیە ئافرەتەكە داوای تەڵاق دەكات تاوەكو پیاوەكە نەتوانێت جێنیشین وەربگرێت لە ئەمریكا. بۆیە دوای دادگایی كردنی پیاوەكە دەنێردرێتەوە بۆ وڵاتی چیك، چونكە مەبەستی ئەم پیاوە بۆ هاوسەریەتی نەبووە و بەڵكو تەنیا بۆ جێنیشین (ئیقامە) بووە!. ئەوەی سەیر بێت پیاوەكەش قەڵەوە و بیانووی ئەوە دەبینێتەوە كەوا هاوسەرەكەی قەڵەوە..



## نوكتە

* كابرایەكی گێل دەبێت، حەز دەكات لەژێر (ڕەشاش)ی حەمامەوە خۆی بشوات، دەچێتە بازاڕ بۆ ئەوەی بیكڕێت. دەچێتە دوكانێكی فرۆشتنی كەلوپەلی حەمام و دەڵێت:
ئەو شتەم دەوێ ئەوی ئاوی دەكاتە (قیمە)!

* پیاوێك لە شوێنێكی بەرز كەوتە خوارەوە و لە هۆش خۆی چوو، یەكێك گەیشتە لای و بە یەكێكی دیكەی گوت: ئاو بهێنە..
پیاوەكە بەهۆش خۆی هاتەوە و گوتی: بیبسی دەخۆم ئاو نا !


# کەلووەکان

**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**



ساتەکانت بەرەو ناخۆشی ڕێگەی گرتووە و ئەمەش لە ئەنجامی بیرنەکردنەوەتە لە هەنگاوەکانت، هەندێك کاتەکانت تەرخان بکە تاوەکو لەگەڵ خۆشەویستت بەسەری ببەیت، لەم ماوەیە ڕووبەڕووی چەند گرفتێکی بچووك دەبیتەوە بەڵام مەهێڵە ببێتە هۆی ڕووخانت.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**



لەکاتێکدا بە ئاگا دێت ئەو کەسە لەلایەکی دیکەوە چاودێری تۆ دەکات، متمانەت بە خۆت هەبێت چونکە ماوەیەکە تووشی دوودڵی بوویت و ئەوەش هۆی بیرکردنەوەیە، یەکێکیان مەبەستی کێشەو گرفتە بۆت، لەلایەنی خۆشەویستیەوە ئارام و لەسەرخۆبە تا زیاتر ئەو کەسە دەناسیت کەماوەیەکە لەدڵتدایە.

**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**



گرنگی دان بەکاروباری تایبەتیت، پێویستە نهێنیە کەسایەتیەکانت ئاشکرا نەکەیت لای کەسانی نزیکت، بۆیە لەهەنگاوی هاوڕێکانتدا چاوکراوەبە،گومانت لە کەسێك نەبێت کە دەیەوێت لێت نزیك بێتەوە، شێوازی ڕەفتارەکانت بەرەو گۆڕان ڕۆیشتووە و ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ڕازەکانی دڵت بگوڕیتەوە لەگەڵ کەسی بەرامبەرت.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**



لە هەستی بەرامبەرەکەت بگە، پێویستیت بەگوێگرتنە لەگۆرانی هێمن ولەسەرخۆ.توڕەمەبە لە ئامۆژگاری مامۆستاکەت، کارەگرنگەکانت بۆ ماوەیەکی دیکە هەڵبگرە و چونکە بە نیازێکی تازەوە بیر بکەرەوە و لە هەستی خۆشەویستت بگە، کەسێك لەدڵەوە بۆت دێتە پێشەوە.

**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**



ڕێگەیەکی تازەی بۆ بدە ئەویش مانای گەورەیی تۆی دەوێت، هەموو کەسێك خەم دەخوات بەڵام وەك تۆ ناکات.کاری ئەمرۆت فەرامۆش مەکە. ئەوکەسەی تۆی هەلتبژاردبوو وادەرنەچوو. لەمانگی داهاتوو تووشی داووی خۆشەویستی دەبی بێ ئەوەی هەستی پێبکەی.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**



ئەم هەولانەی بۆدەرخستنی خۆشەویستی بۆ ئەم کەسەدات، دووبارە کاری بکەو بتوانە بەهێمنانە ئەو لەرازی دلت تێبگات وبتناسێت. هەنگاوبەهەنگاو بەرەوڕووی خۆشەویستەکەت بەرەوە تاوەکو تەواو لەیەکتری دەگەن. خۆت ئازار مەدە بەهۆی قسەی دەروبەرت. ئاگات لەجل وبەرگت بێت.

**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**




پێویستە سەرێك لەپزیشك بدەی، لەکارەکانت تووشی دەردەسەری دەبیت. دڵت فراوان بێ لەڕەخنە مەترسە، هەوڵبدە کارەکانت لە ماوەیەکی کورتدا جێ بەجێیان بکەیت، ئەم کاتە گونجاوە بۆ تا پێداچوونەوەیەکی تەواو بەژیانی کەسایەتی خۆت بدەیت.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**



کارەگرنگەکانت بۆ ماوەیەکی دیکە هەڵبگرە و چونکە بە نیازێکی تازەوە بیر بکەرەوە و لە هەستی خۆشەویستت بگە، کەسێك لەدڵەوە بۆت دێتە پێشەوە و ڕێگەیەکی تازەی بۆ بدە ئەویش مانای گەورەیی تۆی دەوێت، هەموو کەسێك خەم دەخوات بەڵام وەك تۆ ناکات.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**



لەخۆتەوە قسە لەهەموو شتێك مەکە. ڕاستە گیرفانت پڕەبەڵام بیر لەداهاتوو بکەرەوە. کەسێك هەیە تۆی خۆشدەوێ لەدوورەوە ئاگای لەتۆیە.لەڕێگەی مۆبایلەوەپەیوەندی بکە بەهاوڕێیەکەت چونکە هەواڵی خۆشی لەلایە. هەموو کەسێك بناسەبەڵام سادە بە لەمامەڵەوگفتوگۆکردندا

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**



سەرقاڵی و بیرکردنەوەت لەم کێشەیەی ماوەیەکە بێتاقەتی کردووی زۆر بەسانایی وەربگرە،دڵنیابە ئەو کێشەیە لەبەرژەوەندی تۆدا دەبێت لەکۆتاییدا،کەسێك حەز بەخۆشەویستی دلت دەکات و تۆش هەنگاوێکی بۆ بهاوێژە..

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**



بەرەو چەند گۆڕانکاری دەچیت و ئەمەش بۆ کەسایەتی و بواری سۆزداریت سوودی دەبێت کارەگرنگەکانت بۆ ماوەیەکی دیکە هەڵبگرە و چونکە بە نیازێکی تازەوە بیر بکەرەوە و لە هەستی خۆشەویستت بگە، کەسێك لەدڵەوە بۆت دێتە پێشەوە.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**



ڕێگەیەکی تازەی بۆ بدە ئەویش مانای گەورەیی تۆی دەوێت، هەموو کەسێك خەم دەخوات بەڵام وەك تۆ ناکات.ئەو کاتانەی دڵت خۆشە بیر لە داهاتووی ناخۆش مەکەوە و ئەم کارەی ئەنجامت دا بۆ ئەو کەسە دەبێتە هۆی ئەوەی متمانە نێوانتان درووست بێت و ڕێگەی کەسی دیکە مەگرە کە چۆن ڕەفتار دەکەن.

ئیوان گەردی
iwan_gardi@yahoo.com



# (پێ)ی ئەم کچە بە پێچەوانەوەیە!





منداڵێکی چینی کاتێك لەدایك دەبێت، لە سەرتاپای جەستەی سەلامەت دەبێت وەك هەر منداڵێك تەنیا (پێ بەپێچەوانەی مرۆڤ دەبێت، واتە لەجیاتی ئەوەی پێ بۆ پێشەوە بێت، بۆ پشتەوەیە)! ئەمەش پێش (٢٧) ساڵ بەر لە ئێستا، لەلایەن چەندین دکتۆرەوە دەیانگوت کەوا ئەم منداڵە کچە ناتوانێت بڕوات، وەك مرۆڤ ڕۆیشتنی نابێت. ئێستا بۆتە کچە گەنجێك، ناوی (وانگ فانگ)ە و تەمەنی (٢٧) ساڵە هەروەها خاوەن هاوسەرە و منداڵێکی هەیە. ئێستا وەك هەر مرۆڤێك دەتوانێت بڕوات بەبێ ئەوەی گرفتی هەبێت، بەڵکو دەتوانێت خێراتر لە مرۆڤی ئاسایی ڕابکات. بەڵام ئەوەی پێوەی دەربکەوێت ئەوەیە کەوا پێڵاو بەپێچەوانە لەپێ دەکات و لەگەڵ ئەوەشدا لە چێشتخانە کاردەکات وەك هەر کەسێکی ئاسایی، وەکو لە وێنەکەیدا دەیبینین کە چۆن (پێ)ی بە پێچەوانەیە و چۆن پێڵاوی بە پێچەوانە لە پێ کردووە.



ئایا دەزانی ئەمە کێکە